# "کچی ناو تابلۆکە"

**توانا ئەمین**
ناوەراستی 2003

کەجێیهێشتم لەبەیانییەکی ساردی ناوچواردیواردا ، بێباك پێی وتم "ئەوا من رۆیشتم ... تۆش هەولْبدە بەرگەی ئەم ئازارە بگری " هیچی تری نەوت ، ئەو قسەیەی تەواو لەئامۆژگاری ئەو جولادە دەچو دوای ئەوەی گوللەیەکی ناوەتە کەللەی قوربانییەکەیەوە دەست بنێتە ژێرسەری‌و بەسۆزەوە پێی بڵێ " هاوڕێ هەولْبدە بەرگەی ئەم ئازارە بگریت " رۆیشت خۆیی‌و تیسکۆت و پرگال و راستەکانی ئەو بەیانییە رۆیشت و نەم بینینەوە .

من نازانم ئەو ژنەم چۆن ناسیوە یان بیرم چۆتەوە یان نامەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ..! نازانم .. ؟ وەلێ دڵنیام لەسەر داوای ئەو هەرلەبەیانییەکدا بوینە ژن و مێرد . ماڵەکەمان تەنها یەك قاتی شێوە لاتەریب بو دەرگاکەمان لەسەر روی ستونی بەدوبەش دەکرایەوە ، پێنج ژورمان هەبو پەنجەرەی ژوری چێشتخانە حەوت تەبەق بو هەرجارێك لەچاوەروانی پێگەیشتنی  خواردنێك یان لەهێنانی پەرداخێك یان لەشتنی چەقۆیەکدا لەوێ بمابایەوە خێرا دەکەوتە دابەشکردنی پەنجەرەکە جارێك بەسەر یەك و جارێك بەسەر سێ و جارێك بەسەر خۆیدا ، روژێك لەهێنانی کەوچکێکا چەند سەعاتێکی پێچو وەختێك هاتەوە من دەمێك بو خواردنەکەم تەواو کردبو ، هێندە پەستبو کاکیلەکانی دەرتۆقیبون ناوچەوانی گرژو چاوەکانی بچوك ببۆوە پێی وتم ئەبێ پەنجەرەکە بگۆڕیت وتی " ژمارە حەوت لەگەردون زانیدا ژمارەیەکی رۆمانسییە ، من نامەوێ خەیاڵ لەم ماڵەدا هەبێت " .

چەند جارێکی زۆر کەم نەبێت من هێندە لەوتابلۆیەم نەروانیبو کەلەپشت تەلەفزیۆنەکەی ژوری میوانەوە هەڵیواسیبو .. پۆترێتی خەیاڵیی کچێکی سپیکەلە کەکەمێك چاوی راستی لەچاوی چەپی بچوکتر بو .. لوتێکی قنجورێك لێوێکی گۆشتنی تەر بەچەناگەیەکی نەرمەوە ئەویش بۆ گەردنێکی بەفراوی شۆڕ ببوەوە .. هەمو پۆترێتەکەش رژابوە ناو ئێوارەی دەریایەکەوە کەلەتەنیشتییەوە کورو کچێك لەبەلەمێکدا دانیشتبون و لەو وێنەیەیان دەروانی .. ئەو خۆشیی لەم جۆرە تابلۆیانە نەدەهات هۆی هەڵواسینەکەشی دەگەراندەوە بۆ ئەوەی کەدیاری کورێکی هاوپۆلێتی و پێکەوە بەشی ماتماتیکیان تەواو کردبو .

من لەهەموو ئەو ماڵە ماتماتیکیەیا سەرم گێژی دەخوارد ، سەرچەفی سەرسیسەمی نوستنەکەمان پربو لەسێگۆشە من کەدەمدا بەخۆمدا یەك یەك گۆشەکانیان هەڵدەچەقینە گیانم ، کەم بەیانی هەبو من خوێنی ئەو لوتەگۆشانە نەشۆم کەسێگۆشەکانی شەوێ کردبویانە گیانمەوە .
فەرشێکمان لەهۆڵەکەدا راخستبو وێنەی هێڵێکی تیابو ئەو بەردەوام دەیوت دەبێ ئاگامان لەوراستەهێڵە بێت پێی پیانەنێین نەکا خواربێ ، منیش قاقا پێدەکەنیم و دەموت " کواپێی من راستەهێڵی ئەم ماڵەی بۆ خواردەکرێت .. ؟! "

من ئێستاش قێزم لەسێکس دێتەوە شەرم دەکەم کەدەڵێم تەنانەت جوڵی سێکسیشمان بەژمارەو تەکنیکیشمان بەهێما بو .. لەگەرمەی سێکسەکاندا پێمی دەوت " ئەها ژمارەکان چەندە لێمانەوە نزیکن ، بروانە ئێستا من و تۆ چەند لەیەکگرتنی دوو ژمارەی ناوکۆمەڵەیەك دەچین " لەراستیدا من و ئەو لەوحاڵەدا لەیەکتر برینی دوو ژمارەی سەر بەدوو کۆمەڵی زۆر جیاواز دەچوین .

کاشییەکانی حەوشەکەمان  رێك بەوەرەقەی خەت بەیانی دەچو ، بەیانییەکیان من لەسەربان بوم ئەو لەخوارەوە سەرقاڵی شۆردنی حەوشەکەبو ، من سەیرم دەکرد بینم لەپر ماسیحەکەی دەستی فرێداو سۆندەکەش بەدوایدا ، رێکەوت بەشێوەی (کۆ) کەوتنە سەریەکتر من لەسەرەوە لەو وێنە هیچەم دەروانی .. ئەو لەخوارەوە شاگەشکە ببو دەیوت " هەموو شتێ لەم ماڵەدا بیرکاریەو تەنها رژێمیش رژێمی پۆتانە ".

ئێستا هەستدەکەم وردە وردە خۆشەویستیم دەچێتە سەر تابلۆکە ئەویش ، گومان لەهەموو شتێ دەکات کەمتر لەجاران ڕێگەم دەدات بچمە ژوری میوان .. من هێشتا ئەو پرسیارەم لەخۆم نەکردووە من بۆئەوەندە پیاوێکی باغە بوم کە ئەو بەویستی خۆی دەیجولاندم ؟ نازانم ..!
ماوەیەك کتێبی هاورێیەکیم لابو باسی لەپەیوەندی نێوان بیرکاری و فەلسەفە دەکرد ، بەزەحمەت چەند لاپەرەیەکیم خوێندەوە رقم لەو کتێبە بو .. دوای تێگەیشتم لەوانەیە بیرکردنەوە لەژیانیش وەکو بیرکردنەوە لەو ماتماتیکە هیچە وابێ کەژنەکەی من عاشقێتی .

خودایە چ کائینێکی سەیر بو ئەو ژنە..! یەك بە یەك کاسێتی موزیکاکانی بتهۆڤنی شکاندم .. پێی وتم " شەوانە بۆ ئەوە ی بچیتە خەوێکی قوڵ و ئارامەوە پێویستە هاوکێشەیەك شیکار بکەیت " ئەو خۆی هەموشەوێك وایدەکرد .. من ڕۆژێك لەرۆژان نارەزایم لەوحاڵە دەرنەبری هەرگیز پێم نەوت من رقم لەبیرکارییە ..ئەگەر بەئەمانەتەوە شتەکان بگێرمەوە دەبێ ئەوە بڵێم بەهەمو ئەو سەرئێشانەوەی بۆی دروستکردم هێشتا من ژنەکەی خۆمم خۆشدەویست ..بەڵام ئەو باوەری بەخۆشەویستی نەدەهێنا هەر لەیەکەم ساتی یەکتر ناسینمانەوە پێی وتم "ئێمە پێویستمان بەیەکتر هەیە " من لەنێوان عەشق و پێویستیدا پەرت و ونببوم ..دەیوت من دراوم تۆ داواکراو ,بۆئەوەی ئەم پرسیارە گەردونییە شیکار بکەین ئێمە زۆرمان پێویست بەیەکترە .

ژیانی ئەو جارێکی تر ڕۆژێکی رەشی وەك ئەو ڕۆژەی تێنایەتەوە کەژن و مێردێکی هاوریێم بۆ نانخواردن بانگێشتکردبو .وەختێك پیاوە چوبوە سەر دەستشۆرەکەو لەبری ئاوێنە بازنەیەکی خاڵی بینیبو هاواری کرد ئەمە ماڵی ئەنیشتا ینە یان قوتابخانەکەی فیساگۆرس ؟.. ژنەکەم خۆی خواردەوە دەمزانی هەرکاتێکی تربێت ئەمە بەمن دەرێژێت ..ژنی هاورێکەم سکی پربو داوایان لەئێمە کرد ناوێك بۆ ئەو مناڵەیان پێشنیار بکەین من وتم ناوی بنێن (رامان ) ، روی دەمیان کردە ژنەکەم ئەویش چاوی لەسەر خوێیانە لولەییەکەی سەرسفرەکە قەتیس کردو وتی" ئەگەر کچ بو ... " ئەو ڕۆژێك لەروژان مێینەی خۆی لەبیر نائەکرد بۆیە ئەگەرێکی خستە ناو قسەکانی تاپێمان بڵێ جیاواز لەم ئەگەرە ئەگەرێکی تر هەیە کەئەگەری کورە یان ئەگەری کۆمەڵەی (فای)ە .. من دەمزانی ئێستا ئەم رستانە بەناو زەینیا دێن و دەچن ، سەری هەڵبری‌و وتی " ئەگەر کچ بو ناوی بنێن(س) ..." نەیانهێشت تەواوی بکات کەوتنە پێکەنین پیاوە کەوتی ئەگەر کور بو ناوی دەنێین ( ص) .. ژنەکەم بەمە دەهری بو وەختبو هەردوو رەشێنەی چاوی لەکالانە بترازێ و بێتە دەرێ .. زانیم تازە هاوسەنگی مێزەکە تێکچو ئەوەش من نیم ئەوەندە کارابم بتوانم ئەو هاوسەنگییە بێنمەوە .. ئەو هەستاو قیژاندی مێزو کورسییەکان لەرینەوە پەردەکانی گوێم تەقلی ئەو لەرینەوەیە ببون .. پێی وتن ئێوە بەم داواکراوە سەلمانتتان کەبێئەدەبترین میوانن خێرا لەناو ئەم کەوانەیە بۆ دەرەوە .. ئەو وەختێك کەدوو وشەی کۆتایی دەوت بەدەستی ئاماژەی بۆ دەرگای حەوشە کردبو .

تابلۆکەم زۆر خۆشدەوێت ئەویش ئەمەی باش دەزانی ، خۆشەویستیم بۆ تابلۆکە وەکو ئەو دەیوت " لەوانەیە هاوسەنگی ماڵەکە تێك بدات " لەراستیشدا تێکیدا .. شەوی روداوەکە ئەو زۆر ماندوبو تەنانەت بیری چو ماچی پێش نوستنم بکات لەتەنیشتمەوە خەوی لێکەوت ، بەتیلەی چاو سەیرم کرد لەژێر روناکیە کزی گڵۆپە سەوزەکەدا تەواو بەژمارە (1) دەچو درێژ بوبێ ، من خەوم لێنەدەکەوت لەوانەیە عەشقی تابلۆکە نەیهێشتبێت خەو بچێتە چاوم .. ئای کەبیرم لەو تابلۆیە دەکردەوە ، گوێم لەهەنسکێ بو کچێك بەحەسرەتەوە هەڵیئەدا .. پەتی خەیاڵی پچراندم دەنگەکە واقعی بو لەژوری میوانەوە دەچوە سەر هۆڵەکەو لەدەرگای ئەمدیویەوە بەدزییەوە خۆی دەکرد بەژێر دەرگای ژورەکەی ئێمەدا .. دەنگەکە زیاترو بەکوڵتر بو بوبەگریان ، ئەو ئاگای لەهیچ نەبو ، گریانەکە خورتربو .. لەجێگاکەم هاتمە دەرەوە بەدەم دەنگی گریانەکەوە رۆیشتم .. خۆم لەو زەمهەریرەی ژوری میواندا بۆنەدەبینرا ، لەو کاتەوەی دەرگای ژورەکەم کردبۆوە گریانەکە بێدەنگ ببو وەك ئەوەی مەمکێکی پرلەشیرت دابێتە ساوایەك و ئەویش بۆ ساتێك ژێر بوبێتەوە .. گڵۆپەکانم هەڵکرد چوارچێوەی تابلۆکە هێجگار تەربو دڵۆپ دڵۆپ لەو فرمێسکە بە هێمنی چوار چێوەکەیان دەبری و لەسوچێکەوە دەکەوتنە خوارێ ، دەنگی هەناسەیەکی سارد رایچڵەکاندم ئاورم دایەوە ئەو بو ، دەستێکی نابووە سەر کێلونی دەرگاکەو دەستێکیشی بەسەریەوە بو .. بەو جلی خەوانەوە لەفریشتەیەکی بێزار دەچو وتی " زۆر چاکە لەبەیانییەوە یان تۆ یان ئەم تابلۆیە یەکێکتان لەم ماڵەدا دەبن ".

ئەوشەوە هیچمان نەخەوتین من دەگریام و ئەویش بێدەنگ ، بەیانی زوو هەموو شتەکانی نابووە ئەو جانتا لاکێشەییەی کەبۆ بوکێنی کری بومان ، راستەو سێگۆشەو گۆشەپێوەکەی گرتبو بەدەستییەوە رستەنەفرەتییەکەی خۆی وت .. رستەیەك کەئەو باشدەیزانی بەو دواهەمین رستەیەی شتێکی هێجگار گەورە لای من جێدەهێڵێت .. رۆیشتو نەمبینییەوە گێل بوم شەوی دواتر بەتەنیا گوێم هەڵخستبو بۆگریانی تابلۆکە .. چ بێدەنگییەك ئەو ماڵە (ماڵی ژمارەکان ) ی خنکاند .

تابلۆكە لەجاران غەمگینترە.. لەجاران زیاتر دەگری  وەڵێ من ئەو دەنگە نابیستم .. تابلۆكە لەناو جانتاكەی ئەوا گریانی ناگاتە من .. من لەو شەوەوە ژمارەكان دەمكوژن نەكەسێك هەیە كۆیان كاتەوە نەتابلۆیەكیش لەو ماڵەدا هەیە تا بەسەر یەكتردا بگرین .